IB - SAIWANI
IB-Saiwani Beratender Ingenier
Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin
Statik Planung Bauleitung Gutachten

## مووڵکدارێتی زەویوزار بە مەبەستی پلاندانان Exprppriation of Land Areas

بە پێی یاسای ژمارە 54/1970 مافی مووڵکدارێتی شارەوانی بۆ زەوی بەرجەستە کراوە.
ئەم مافەش دراوە بە شارەوانیەکان، چوونکە هیچ مافێکی یاسایی تر بۆ شارەوانیەکان بە مەبەستی ئاسانکردنی دارشتنی پلانی ئەساسی بۆ شارووشارۆچکەکان، لە ئارادا نەبوو.
لەبەر ئەوەی مافی لەیەکدانی زەویوزار و مافی دەستپێشخەری کڕینی زەویوزار لە لایەن شارەوانیەوە بۆ شارەوانی، دوو شێوەی ئاسان و هەرزانن بۆ مەبەستی پلاندانان، پێویستە ئەم دوو مافە بە یاسا ڕێکبخرێن و تیایدا ماف بدرێت بە شارەوانیەکان بۆ هەبوونیان.

بەپێی 2§ی یاسای ژمارە 54/1970 شارەوانی بە مەبەستی پلاندانانی ناوچەکان، مافی مووڵکدارێتی تەواوی یان بەشێکی زەویوزاری هاووڵاتیانی هەیە، کە بینایان لەسەر دروستنەکرابێت یان کرابێت، هەتاکوو ئەگەر ئەم زەویانە نزیکەی 35 مەتریش دوور بن لە شوێنی دارشتنی پلانە ئەساسیەکانەوە.

بە پێی 3§ی یاساکە مافی مووڵکدارێتییەکە بۆ شارەوانی بەم شێوەیە:

1. ئەگەر مووڵکدارێتییەکە لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت، ئەتوانرێت 25%ی ڕووبەری زەوییەکە بکرێت بە ناوی شارەوانیەوە بە بێ قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکەی،
2. ئەگەر ڕووبەری پێویست بۆ شارەوانی، لە 25%ی ڕووبەری زەوییەکە زیاتر بوو، لەم کاتەدا خاوەن زەوی تەنها بۆ جیاوازی ڕووبەرەکە، قەرەبوو ئەکرێتەوە،
3. ئەگەر بە پێی برگەی 1 ی یاساکە، لە کاتێکی پێشتردا، بەشێک لە ڕووبەری هەمان زەوی لە لایەن شارەوانیەوە جیاکرابێتەوە، لەم پارچە زەوییە جارێکی تر بەشی تری لێ جیا ناکرێتەوە،
4. قەرەبووکردنەوە ئەتوانرێت بەشێوەی وەرگرتنی پارچە زەوی لە شوێنانی تر بێت و جیاوازی ڕووبەرەکەش ئەتوانرێت بەشێوەی پارەپێدان بەڕێوە ببرێت،

بە پێی 9§ی یاساکە، نرخی زەویوزار لە لایەن لێژنەیەکی تایبەتەوە، کە سەر بە شارەوانیە، ئەخەمڵێنرێت،

بە پێی 11§ی یاساکە، ئەگەر نرخی زەوییەکە بەهۆی دروستکردنی خزمەتگوزاریەوە لە ناوچەکەدا بەرز بووەوە، ئەبێت خاوەن زەوییەکە 25%ی نرخە بەرز بووەکە بگەڕێنێتەوە بۆ شارەوانی. نرخەکەش لە لایەن لێژنە تایبەتەکەوە ئەخەمڵێنرێت.

بە پێی 15§ی یاساکە، خاوەن زەوی مافی یاسایی بەسەر پارچە دابڕاوەکان لە زەوییەکەی نامێنی، دوای ئەوەی ئەکرێن بە ناوی شارەوانیەوە.

بە تێڕوانین لە یاسای مووڵکدارێتی ژمارە 54/1940 ئەم کەموکوڕییانە تێبینی ئەکرێن:

- داگیرکردنی 25%ی ڕووبەریزەوی هاووڵاتیان و بەماڵککردنی لە لایەن شارەوانیەوە، مافی هاووڵاتیان پێشێل ئەکات و لەگەڵ دەستوردا یەکناگرێتەوە. بەهۆشیانەوە زەویوزار شێوەی ناڕێک و پێک وەرئەگرن و سووچی زۆریان تێئەکەوێت،
- کە تەنها 25%ی ئەو زەوییانە لە لایەن شارەوانیەوە داگیر ئەکرێن، کە ئەکەونە ناوچەی پلاندانانەوە، لە بەرژەوەندی هەموان و گشتیدا نییە،
- دوای درووستکردنی خزمەتگووزاریەکان و جێبەجێکردنی پلانەکان، ئەگەری ئەوە هەیە، کە هاووڵاتیان زەرەرمەند بن، بۆ نموونە بەهۆی پیسبوونی ئاووهەوای ناوچەکەوە،
- بەهۆی قەرەبوو نەکردنەوەی پارچە زەوییەدابڕاوەکانەوە، خاوەن زەوییەکان زەرەرێکی زۆر ئەکن، چوونکە زەویەکانیان لە ڕووبەر و لە نرخدا بە گشتی کەم ئەکەن،

Saiwani

لەبەر ئەم هۆیانە یاسای موڵکدارێتی گشتی ژمارە 54/1970 گۆڕدرا و یاسای ژمارە 12/1989 و دواتریش یاسای ژمارە 184/2002 جێگای گرتەوە، کە سەرچاوەکەی لە بڕیارەکانی یاسای ژمارە 80/1989 وە وەرگیرابوو.
لەم یاسایەشدا قەرەبووکردنەوەی خاوەن موڵکەکان بەشێوەیەکی باشتر داڕێژرابوو.

لە باکووری عێراق سێ شێوازی بە موڵککردن هەیە بۆ شارەوانی:
- بە پێی ڕەزامەندی خاوەن موڵک لەژێر ڕێنماییەکانی 4§ تا 8§ی یاسای ژمارە 2/1981، هەروەها بە پێی یاسای ژمارە 80/1989،
- بە بەکارهێنانی هێزی یاسایی و زەوتکردن لەژێر بڕگەکانی 22§ تا 25§ لە یاسای ژمارە 2/1981،
- بە پێی ڕێکەوتننامەی نێوان شارەوانی و هاووڵاتیان.

Saiwani